
# گەڵا لە ئاگر .. گوڵ لە بەفر

پایزە ئەحمەد



با قەلەمە سەرشێتەکەم
لە روخساری تۆ بدوێ
یادگارییەکان
بوون بە هاودەمی رۆژە تاڵ و شیرنەکان
کە منداڵ بووم
چاوەڕوانی رۆژێکی بەفرینم دەکرد ..
تا بتوانم پەیکەرێکت
لە بەفر بۆ دروستکەم ..
شێوەی لە تۆ بچێ و
هەتا هەتایێ نەتوێتەوە.
هەندێ جار یاری بەفرینەمان دەکرد ..
تاکو جەستەمان بەر جەستەی یەکتر کەوێ.
هەندێ جاریش دەستمان سر دەبوو و
جێژوانێک نەبوو
بیکەین بەحەشارگەیەکی گەرم ..
لەوکاتەدا پەنامان بۆ ئاگر دەبرد و
دەبووین بە هاودەمی ئاگر،
لەو کاتە رقمان لە بەفر بوو
بەفریش خۆشی دەویستین..
کە گەورە بووین و بووین بە دۆستی بەفر..
لەو کاتە سڕ و گەرمەدا
بڕیارمدا چەپکێ گەڵاوگوڵ
لە ئاگر و بەفر چێ بکەم؛
گوڵ لە بەفر..
گەڵا لە ئاگر .
دەستم بۆ گەڵاوگوڵ دەبرد
سڕ و گەرمیی ئەوکاتیان لێ بەدیدەکرا .

بریارم دا دڵیشم بکەم بە ئینجانەو
لە ژوورە تەنیایەکەمی دانێم..
چرا خامۆشەکەم داگرسێنم..
بە دیاریەوە شەونخونیی بکێشم ،
پێنوسەکەم هاورێم بێ ...
تا ئەو رۆژە
لەگەڵ گوڵی بەفر و گەڵای ئاگر
بتوانین ماچ لە دەمی یەکتر بکەین ..
سڕ و گەرمیی پێشوومان بیرچێتەوە
پەنجەرەی ژوورەکەم بکەم بە وێستگەیێک
تا هەناسە گەرم و ساردەکانمی تیا دەربکەم .

2007/11/25

payzeehmed@hotmail.co.uk